# تیڕوانینی چوارەم لە بازاڕ و بەرهەم ..

موحەمەد جەزا بەرزنجی
jazahossain@zonnet.nl

پاش 3 تێڕوانین .. لە 3 گوتاردا .. چەند ئیمایلێکم پێگەیشت ، وێڕای دەستخۆشی ئەو بەڕێزانە، پرسیارێکی تا رادەیەك لێك چوویان هەبوو، گوایە دەبوو ناوی ئەوکەسانە بەرم سەرمایە لایان کەڵەکە بووە و لە پڕدا هەڵتۆقیون، یەقینم لەوەدایە ئەو بەڕێزانە وەك هەموو پەرۆشەکانی تر پەرۆشی رەوش و دۆزەکەن و بێ ئارامن لە بەرامبەر ئەو گەندەڵی و کەم و کوڕیانەی لە کەسانێك دەکەونەوە و لە سەر رایەڵەی گوێ نەدان بە پێداویستیەکانی کۆمەڵگە بێ خەم سەما دەکەن . بۆخۆم ئاوڕێکم لە بازاڕ و بەرهەم داوەتەوە.. جا ئیتر خاوەنداریەتی سەرمایە هەرناوێك بێت ، هەرکات زەینیش رون بوو چ پەردەپۆشیەك بە ناوەوە نامێنێ ، پێشم وانیە زەینی مرۆی کورد کز و کورت بین بێـت، بەهەر جا ئەمڕۆ سەرمایەی نەختینە هەیە.. کە هەبوو دەبێت بەگەڕ بخرێت .. پرس و ترسی زیاتر لەوەدایە بەگەڕ نەخرێت. جۆرە قازانجێك لەوەدایە هیچ نەبێت نیوەی زیانەکان بکرێتەوە بە قازانج ، بە تەنیا پرس لەوەدا نیە مرۆ بۆ برسی و بێگوزەران و بێ خزمەتگوزاریە..؟ پرسی تەواوکار لەوەدایە چ بکرێت و چی لەبەرژەوەندی ئەمڕۆ و نەهێشتنی کەم و کوڕیەکانە،( خۆ گەر یاسای ( ئەمەت لە کوێوە هێنا ) بچەسپێ دەجا چاتر). دەبێت چالاکیە ئابوری و بازرگانیەکان نەش و نما بکەن و توێژ و چینەکان لە ئالۆزی رزگار بن.

کێشە و کەم وکوریەکان و پەیوەست و تێهەڵکێشی یەکن ، زانستی ئابوریش بۆ خۆی پەیوەستی لایەنە بابەتی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و چینایەتی و دیالەکتەکانە، جێی پرسیار دەبێت دەرك بەو راستیانە نەکرێت و گۆڕانکاری و گەشەسەندنەکانیش جڵەوگیر بکرێت، لە زۆر جێدا ئاماژەم بە مۆنۆپۆڵ داوە.. چون بۆ خۆی لە چۆنیەتی بەکار بردنیدا دوو سەرە زیان بەخشە لە نێو خۆ و دەرەوەیشدا لە سیستەمی سەرمایەداریدا ئەنجامدانی لە دەرەوە بە جۆرێك لە کەڵك و سود بۆ ناوەوە دەشکێتەوە گەرچی دەبێتە زیان لەسەر یەکەیەکی تری دەرەوە، بەڵام لە نێو خۆدا شێوازێکی تر وەردەگرێت و نمونەش زۆرن (هەر لەجۆرەکانی سوتەمەنی تا بە کەرەستەکانی بیناسازی پێداویستی تری ژیان دەگات) ، گەر لە بواری بازرگانی هاوردنی دەرەوەدا بوو جگە لەوەی سامانێکی پارەیی دەباتە دەر، لە چالاکی ناویشەوەیدا دەستکەوت لە توێژێك یا سەرچاوەیەك یاخود لە کۆوە بۆ تاك دەگوێزێتەوە، ئەم جۆرە چالاکیەش گەر تایبەت بە هەموو دەوڵەتیش بوو بە دەسکەوتی بنچینەیی بۆ دەوڵەت دانانرێت ، چون هەر بڕێ پارەی سنودارە لە نێو خۆدا ئەملا و ئەولای پێوە دەکرێت ، خۆ گەر لای هەندێك دەستکەوتی پارەییش خەوێنرا ئەوا هێزەکەش کەم دەبێتەوە . رێبازی بەرەو گەشەکرنی سەرمایەداری لە کوردستاندا زیاتر سەرمایەداریەکی نەختینەییە ( سامانی پارەیی – مولك – ئاڵتون ) تائێستاش بەو جۆرەی نەتوانراوە لە بواری بەرهەمهێناندا یا دروستانە بخرێتە گەڕ هەروەك پێشتر ووتویشمانە و ئاماژەمان بە هەندێکی داوە هۆکارەکانی هەمە لایەنەن . دەکرێت سەرباری پڕۆژەی بەرهەمهێنەری هاندان و بوار خۆشکردن بسازێنرێت تا لە بانکەکانی قەرزدان و سنورداریەتی سود سەرمایە گەورەکان بخرێنە گەڕ ، ئەمەی پارێزگاری کردن نیە لە سەرمایەدار بەڵکو دەرئەنجامەکانی گەڕانەوەی کەڵك و قازانجە بۆ کۆمەڵانی خەڵك ، هۆڵەندیەکان لە مێژوویەکی زووەوە ئەم رێبازە پەیڕەو دەکەن ، ئینگلیزەکان کاتی خۆی ئەم رێبازەی هۆڵندیەکانیان لا پەسەند بوو هەر بۆیە لە بیرمەندەکانیان دژ بە بەرزبونەوەی نرخی سود بوون و

داوایان دەکرد هەمان ڕێبازی هۆڵەندی بگیرێتە بەر تا تەواو بچنە نێو پرۆسەکانی بەرهەم هێنان و کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەمەکانی دەرەوەدا بکەن، دیارە لە بەئەنجام گەیاندنی ئەو جۆرە پرۆسەیەشدا بڕیاری دروست لەوەدایە بە هەموو جۆرێك ڕێ لە چونەدەرەوەی سامانی پارەیی بگیرێت ، بەهەر ناوێك و بەهانەیەکەوە بێت چون تواناداریمان کەمترە لەوەی دەسەلاتمان بەسەر سەرچاوەکانی دەستکەوتی دەرەوەدا بێت و زیاد لە سەرمایە کەڵك و سود بهێنرێتە ناوەوە .

خۆ گەر ڕەوشەکەش هەروا وەك خۆی بمێنێتەوە و بەو جۆرەی بڕوات روناکیەکی لێ رەچاو نەکرێت ، دروستی کار لەوەدایە هاندان و ملدان بۆ بەرنامەی کار هەبێت ، چ بەسەرهات و تەلیسمێك نیە وەزیرێك لە وەرگرتنی پۆستی وەزارتەکەیدا بەرنامە و تێڕوانینی زانستیانەی خۆی هەبێت ، پاش ڕەزامەندی وەرگرتن بۆ بەرنامەکەی کاری پێبکرێت ، لەسەرنەکەوتنیدا بە پلەی یەکەم خۆی بەرپرسیار دەبێت چون بەرنامەکەی ئاوێنەی تەواوی هزر و هۆشیەتی و بە یەقین و بڕواشەوە دڵسۆزانە کاری بۆ کردووە ، وەزیرێك کاری ئابوری یا پەروەردەیی یا تەندرەستی یا ئاسایش یا خود هەر بوارێکی تری  وولات لە ئەستۆ بگرێت و بیبات بەرێوە ناکرێت بەرنامەیەکی خودی خۆی نەبێت و شەونخونی بە دیارەوە نەکردبێت لە پێناوی  گۆڕانکاری و گەشەکردندا، هەربۆیە کاتێك بەرنامەی کارەکەی توشی نشوستی دەبێت  دەست لەکلر دەکێشێتەوە. سەرکەوتنیشی بەرنامەکەی دەکاتە ڕێبازێکی هزری نەك لە خودی وولاتەکەی خۆیدا بەڵگو دەبێتە ئەزمونێکی دەوڵەمەند بۆ شوێنانی تریش .